
# گەرمبوونی جیهانی (زەوی)

لەم سەد ساڵی دواییدا تێکڕای پلەی گەرمیی گۆی زەوی زۆر بەرزبۆتەوە. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە تێکڕای ناوەندی پلەی گەرمیی زەوی بەرزتر و بەرزتر بۆتەوە. تێکڕای پلەی گەرمیی زەویی ئێستا لەچاو سەد ساڵ لەمەوپێش (۰،۸) پلە زیاتر بەرزتربۆتەوە. ئەم دیاردەیەش بە گەرمبوونی جیهانی یان زەوی ناودەبرێت. هۆکاری گەرمبوونی جیهانی زیادبوونی دەردانی گازی ماڵی سەوز (گرینهاوس)ە بۆ ناو بەرگەهەوای زەوی (ئەتمۆسفێر).




## گازی ماڵە سەوزەکان (گازی گرینهاوس)

دەوری زەوی، بەرگەهەوایە (ئەتمۆسفێرە). دەرەوەی بەرگەهەواش، بۆشایی گەردوونە. لە بۆشایی گەردووندا پلەی ساردی ٢٧٠ پلە زیاترە.

بەرگەهەوا لە کۆمەڵێک گازی جۆراوجۆر پێکهاتووە، لەوانە هەڵمی ئاو و دوانئۆکسیدی کاربۆن. هەڵمی ئاو و دوانئۆکسیدی کاربۆن بە گازی ماڵە سەوزەکان ناو دەبرێن. هۆکاری ناوبردنیان بە ماڵی سەوز ئەوەیە کە پارێزگاری لە زەوی دەکەن، ئەوەش بەوەی کە ناهێڵن ئەو گەرمییەی کە لە خۆرەوە دێت بچێتە دەرەوەی گەردوون. کاتێک ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی سروشتی ڕوودەدات، ئەوا باڵانسێک ڕادەگرێت و

پلەی گەرمیی زەوی بە جێگیری دەمێنێتەوە. ئێمە دەتوانین بڵێین کە ماڵی سەوز وەک پەتۆیەک یان لێفەیەک وایە کە زەوی داپۆشیوە و دەوری داوە.

وێنەکەی سەرەوە ئەوە پیشان دەدات کە چۆن تەختی زەوی بەشێک لەو تیشکە گەرمانەی لە خۆرەوە دێن هەڵدەمژێت، لەو پرۆسەیەدا هەندێک لە تیشکەکان دەگەڕێنەوە بۆ ناو گەردوون (تیشکدانەوە)، ئەمە لە کاتێکدا هەندێک لەو تیشکانەی بەر بەرگەهەوا دەکەون جارێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ زەوی. کاتێک ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی سروشتی ڕوودەدات، ئەوا تێکڕای پلەی گەرمیی زەوی نزیکەی پانزە پلە دەبێت.

## کاریگەریی ماڵە سەوزەکانی دەستکردی مرۆڤ

هۆکارێکی گرنگی گەرمبوونی جیهانی دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی کاریگەرییەکانی ئەو ماڵە سەوزانە (شووشەبەندانە)ی مرۆڤ دروستی کردوون. ئەم کاریگەرییەش بەوە دروست دەبێت کە ئێمەی مرۆڤ ڕێژەیەکی زۆری دوانئۆکسیدی کاربۆن دەنێرێنە ناو بەرگەهەواوە (ئەتمۆسفێر). ئەمەش بەوە ڕوودەدات کە ئێمە بۆ بەدەستهێنانی وزە، سووتەمەنیەکانی فۆسیلی وەک نەوت و گاز و خەڵووز دەسووتێنین.
وێنەکەی خوارەوە هەندێک لە سەرچاوەکانی دەردانی دوانئۆکسیدی کاربۆن پیشان دەدات.




نەوت و گاز و خەڵووز ڕێژەیەکی زۆر کاربۆنیان تێدایە. دوانئۆکسیدی کاربۆن لە ئەنجامی سووتانی کاربۆن و پەرچەکرداری لەگەڵ ئۆکسجیندا دروست دەبێت. بە دوانئۆکسیدی کاربۆن دەشڵێین گازی کەشوهەوا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی زیادبوونی دەردانی دوانئۆکسیدی کاربۆن کاریگەری لە ئاووهەوا زەوی دەکات.

کاتێک ئێمە سووتەمەنی فۆسیلی وەک نەوت و گاز و خەڵووز دەسووتێنین، ئەوا ئەو کاربۆنەی پێش ملیۆنان ساڵ لەمەوبەر لە بەرگەهەواوە هاتووە و کۆبۆتەوە، دەردەچێتەوە دەرەوە، و بەمەش دوانئۆکسیدی کاربۆنێکی زۆرتر لە بەرگەهەوادا بڵاودەبێتەوە. بە کورتی دەتوانین بڵێین کە لێفە یان پەتۆیەکەی دەوری زەوی زۆر ئەستوور دەبێت. لە ئەنجامدا ئاستی تێکڕای پلەی گەرمیی زیاد دەبێت و ئاووهەوای سەر زەوی گەرمتر دەبێت، واتا گەرمبوونی جیهانی ڕوودەدات.

### سەرچاوەی وزەی نوێنەوەبووەوە

نەوت و خەڵووز یان گاز سەرچاوەی وزەی نوێنەبووەوەن. کە دەڵێین نوێنەبووەوە، بە مانای ئەوە دێت کە ناتوانرێت چەند جارێکی تر بەکاربهێنرێنەوە. واتا بەکارهاتووە و چی دیکە کەڵکیان لێ وەرناگیرێتەوە.

نەوت و گاز و خەڵووز، پێش ملیۆنان ساڵ لەمەوبەر لەلایەن ئاژەڵان و ڕووەکەوە دروست بوون. ڕووەک و ئاژەڵی مردوو کەوتوونەتە ناو دەریاوە و لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بە چینی ئەستووری قوڕ و لیتە داپۆشراون. چینە قوڕ و لیتە ئەستوورەکە بۆتە هۆی پەستانی بەرز. پەستانە بەرزەکەش لەگەڵ گەرمیی زەویدا بوونەتە هۆی ئەوەی کە پاشماوەی ئاژەڵ و ڕووەکە مردووەکان ببنە نەوت و گاز و خەڵووز. وەک گوتمان ئەم پرۆسەی بوونی ئاژەڵ و ڕووەکی مردوو بە نەوت و گاز و خەڵووز ملیۆنان ساڵی پێچووە.

### لێکەوتەو و کاریگەرییەکانی گەرمبوونی جیهانی

دەردانی دوانئۆکسیدی کاربۆنی مرۆڤکردە بۆ ناو هەوا کار لە نەخش و شێوازی بارین دەکات، دەریاکان گەرم دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی بەستەڵەکەکان و سەهۆڵی دەریاکان بتوێنەوە. زەرەرمەندی یەکەم لە گۆڕانکارییەکانی ئاووهەوا خەڵکە هەرە نەدار و هەژارەکانی جیهانن. بەڵام بەدڵنیایی کاریگەرییە نێگەتیڤ و خراپەکانی نەرویج و وڵاتانی تریش دەگرێتەوە.

## نەخش و شێوازی بارین

گەرمبوونی جیهانی کار لە شێواز و چۆنیەتیی بارین دەکات. لەو شوێنانەی کە بارین کەمە، ئەوا ڕێژەی بارین کەمتر و کەمتر دەبێتەوە، وە لەو شوێنانەی کە بارین زۆرە، ڕێژەی بارین زیاتر و زیاتر دەبێت. هاوکات لە هەندێک شوێن وشکەساڵی زیاتر دەبێت و لە هەندێک شوێنی تر لافاو زیاد دەکات. هەم وشکەساڵی و هەم لافاویش گرفت و کێشە بۆ ئاژەڵ و ڕووەک و مرۆڤ دروست دەکەن.





## کەشوهەوای توووند و سەخت زیاتر دەبێت

کەشوهەوای توووند و سەخت بریتییە لە ڕەشەبای توووند و بەفر و بارانی زیاتر. لە وێنەکەی خوارەوەدا دەبینیت کە باهۆز و زریان زەرەرێکی زۆری بە باڵەخانە و شەقام و سروشت گەیاندووە. پاش ڕوودانی کەشوهەوای توووند و سەخت ئاوی پاک و خاوێنیش زەحمەتە دەست بکەوێت.





## بەفر و سەهۆڵبەندانەکان دەتوێنەوە

کاتێک دونیا گەرمتر دەبێت، بەفر و بەستەڵەکێکی زیاتری دوو جەمسەرەکەی گۆی زەوی دەتوێنەوە. ئەمەش کاریگەری خراپ لەسەر سەرجەم مرۆڤ و ڕووەک و ئاژەڵەکانی گۆی زەوی دادەنێت. هەربۆیە سەرچاوەی ژیانی ئەو ئاژەڵ و ڕووەک و مرۆڤانەی کە لە نزیکی ئەو ناوچانە دەژین کە بەفر و بەستەڵەکیان زۆرە گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئەگەر پرۆسەی توانەوەی بەستەڵەکەکان بە خێرایی ڕوویدات، ئەوا ئەو ئاژەڵ و ڕووەکانەی کە لەژێر بەفر و بەستەڵەکەکاندا دەژین، ناتوانن خۆیان لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەدا بگونجێنن.





کەمبوونەوەی بەفر و بەستەڵەک بۆ نموونە کاریگەری لە ئاژەڵی (فۆکی ئەڵقەیی) دەکات، کە لەناو بەفردا دەژی. ئەو ئاژەڵە لەسەر بەفر دەژی و بێچووی دەبێت و هەر لەسەر بەفریش دەحەوێتەوە. کاتێک بەفر کەمدەکات، ژیانی فۆکیش زەحمەتتر دەبێت و ژمارەیان بەرەو کەمبوونەوە دەچێت. نموونەیەکی تر ئاژەڵی ورچی بەستەڵەک یان سپییە. ورچی بەستەڵەکیش لەسەر بەفر و سەهۆڵ دەژی و سەرچاوەیەکی خواردنی فۆکی ئەڵقەییە. کاتێک بەفر و بەستەڵەک کەم دەبێتەوە، شوێنی ژیان بۆ ورچە بەستەڵەکییەکان کەمتر دەبێتەوە، هاوکات خۆراک کەمتر دەبێتەوە و دواجار ژمارەیان بەرەو کەمبوون و نەمان دەچێت.

### سەرچاوەی وزەی هاورێی ئاووهەوا

ئێمەی مرۆڤ پێویستمان بە وزەیە. هاوکات ناتوانین ماددەی سووتەمەنی فۆسیل بسووتێنین بێ بەرزبوونەوەی تێکڕای ناوەندی پلەی گەرما. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئێمە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییماڵە سەوزەکانی دەستکردی مرۆڤ دەبێت زیاتر سوود لە سەرچاوەی وزەی سەوز وەربگرین و بەکاریان بهێنین.



وزەی ئاو و وزەی با و وزەی خۆر نموونەن بۆ سەرچاوەی وزەی هاوڕێی ئاووهەوا و ژینگە زیاتر لە سووتەمەنیی فۆسیل.

## هەڵبژاردەیەک لە وشە گرنگەکانی ناو تێکستەکە

## Her er noen viktige utvalgte ord fra teksten:

| | |
|---|---|
| jorda : زەوی | klima : ئاووهەوا |
| drivhus gass : گازی ماڵە سەوزەکان | global oppvarming: گەرمبوونی زەوی |
| klimagass: گازی ئاووهەوا | drivhusgassens virkning : کاریگەریی ماڵە سەوزەکان |
| reflektere : تیشکدانەوە | Atmosfær: بەرگە هەوا (ئەتمۆسفێر) |
| fornybare : نوێبووەوە | absorbsjon : هەڵمژین |
| energi : وزە | ikke- fornybare : نوێ نەبووەوە |
| ekstrem : توند ، سەخت | Fossilt brensel: سووتەمەنیی فۆسیل |
| nedbør : بارین | ekstremvær: کەشوهەوای سەخت |
| påvirkning: کاریگەری | Mønster og nedbør: نەخش و شێوازی بارین |

Alle illustrasjoner er fra Shutterstock.com